

هۆشیاری سێکسی

# ڤیاگرا

د . ئەفرام محەمەد حەسەن

★ خوێندکاری دکتۆرا لە پزیشکی دەروونی

● مرۆڤ بە درێژایی مێژوو هەوڵی داوە ئارەزووەکانی خۆی تێر بکات بە رێگەیەك یا رێگەیەکی تر (دروست یان نادروست )، هەروەها هەوڵی گۆڕانکاری داوە لەم تێرکردنەدا زۆر جار زیادە ڕۆیی تێدا کردووە دەشێ زیانی بە خۆیی و دەوروبەریشی گەیاندبێ بەجۆرێك یان جۆرێکی تر مەرامی سەرەکیشی لەم گۆڕانکاریانە نەخشاندنی ژیان بووە بە جۆرێك لەگەڵ ئارەزووەکانیدا هاسۆز بێ .

بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە ڕەمەکانی ژیانی خۆی تێر بکات وەکو ڕەمەکی جنس و برسێتی و تینوێتی ....هتد .

غەریزەی جنسیش یەکێکە لەو غەریزانەی لە رۆژگاری ئەمرۆدا هەروەك لە ڕابردوودا گرنگی خۆی هەبووە بایەخێکی زۆری دەدرێتێ کات و سامانێکی زۆری بۆ تەرخان کراوە لەلایەن زیاتر لە لایەنێکەوە بۆ مەبەستێ یا مەبەستێکی تر بەکارهێنراوە گۆرانکاری گەورەشی کردووە لە ژیانی میللەتان و یاسا ئاسمانی و زەوییەکانیش بەشێکی دەقەکانیان بۆ سنووردارکردن و ئۆرگانیزەکردنی ئەم غەریزەیە داناوە.

بۆ تێرکردنی ئەم غەریزەیە زۆر جار تاك بەتەنها رێگەیەك تێر نابێ،هەربۆیە هەوڵی شێوازی نوێی داوە، جا چ وەك داهێنان بێ یان لاسایی کردنەوە ، هەندێ جار پەنا دەباتە بەر لادان و شێوازی نادروستیش .

حەبی ڤیاگرا چەند ساڵێکە کەوتۆتە بازارەکانی جیهانەوە و رەواجێکی زۆری پەیداکردووە لە نێوان پیاواندا ، بەدەیەها ملیۆن کەس پەنا دەبەنە بەر ئەم دەرمانە بەمەبەستی زیاتر چێژ وەرگرتن لە کاری جووت بوون. سەرەڕای گرانی نرخ ئەم دەرمانە لە بازارەکانی جیهاندا کەتەنها سێ دەنکە حەبی بە (69 دۆلار)ەو پێنج حەبی بە ( 96 دۆلارە) . کەچی لە بازارەکانی خۆماندا نرخی لە زۆر حەب هەرزانترە و شان بە شانی عەرەبانەی سەوزەو میوە دەفرۆشرێت بەنرخی دۆزراوە؟؟!!

میکانیزمی کارکردنی بریتییە لە زیادکردنی ئەو برە خوێنەی دەچێت بۆ چووك بەمەش رەپیوون بەهێزتر دەبێ و تاك هەست بە باوەڕێکی زیاتر دەکات بە خۆی و هەوڵی دووبارەو چەند بارەکردنەوەی جووتبوون دەدات ئەمەش توانایەکی زۆری دەوێ و هەندێ جار بە زیانی تاك کۆتایی دێت ونیشانە لاوەکیەکانی دەردەکەون. بەکارهێنانی نزیکەی کاژێرێ پێش کاری جووت بوونە و دەبێ لە ژێر چاودێری ووردی پزیشکدا بێت و بەم شێوە بێ سەروبنەی ئێستا مەترسی زۆرە.چونکە زیاتر لە نەخۆشیەك هەیە کە نابێ تاك ئەم حەبەی تێدا بەکاربهێنێ وەکو نەخۆشی دڵ و تێکچوونی لێدانی دڵ ئەمە سەرەڕای گەڵێ زیانی لاوەکی لەئەنجامی بەکارهێناندا دەکەوێتەوە وەکو سەر ئێشە و دڵ تێکەڵ هاتن و سکچوون وگێژبوون و هەندێ جار نیشانەی زۆرترسناکی هەیە وەکو لە دەستدانی بینین (لەهەندێ حالەتدا بەشێوەیەکی بەردەوام دەبێ ) و تەڵخ بوونی بینین و نەتوانینی جیاکردنەوەی ڕەنگەکان لەیەکتر بەتایبەتی ڕەنگی سەوزوشین ، ڕەپیوونی بەئازارو مانەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر (گەر زیاتر لە چوار کاژێری خایاند دەبێ خێرا پەیوەندی بە پزیشکەوە بکرێ و چارەسەری گونجاوی بۆ بکرێ دەنا دەشێ ببێتە لە دەست دانی ڕەپیوون بۆ هەتاهەتایە "چووین بۆ ریش سمێلیشمان دانا" )، سوتانەوە و خوران لەکاتی میزکردندا ، سنگ ئێشە و تێکچوونی لێدانی دڵ و هەندێ جار مردن.

بێگومان مەبەست لەم هەموو زیانانە ئەوە نییە کەناتوانرێت ئەم دەرمانە بەکاربهێنرێ بەڵکو دەبێ لە ژێر چاودێری پزیشکدا بێت و بۆ هەندێ حاڵەتی دیاری کراو بەکاردەهێنرێ .